# بزمارێکی زۆرزان

**خالید مجید فەرەج**

**خوا پێم نەگرێ لەو هەندەرانە پان وبەرینەی، کە قوڕنەیەکی نەماوە ئەگەر بۆ خوێی چێشتیش بێ، قاچاخچی وەیان وی ئێن ( یو ئێن) کوردێکی بەدیاری بۆ نە بردبێ، بڕەک لەو کوردانەی کە چالاکن، وەیان ئەوانەی کە ئەلعان خۆیان بە سیاسەت مەدارو سوورەوەبووی ناو کورەی خەبات ئەزانن ،و ماشائەللا ئەوەندە بەنەشاتن لەم تەیارە دائەبەزن سواری ئەو ئەبن ،ئەو قیتار بەجێیان دێلێ ،ئەم قیتار دێ بە پیریانەوە، ئەم هەموو هاتوو چۆیەش هەرلە بەر خاتری کوردایەتیەکەیە ((هـــــــــا)) .وپێیەکیان لە کوردستانە و پێیەکیش لە هەندەران ،و مەسەرەفی ئەوجرتو فرتانەش هەر لە تکتەکانەوە وە بیگرە ،تا وەکونێ پارەی تەلەفون و عەیب نەبێ چوون بۆ دەست بەئاو گەیاندنەکاشیان لە تەرمینالَ و شوێنە گشتیەکان، لەسەر حیسابی ئەو گەلەیە کە دەقیقەیەکیش لە خەباتکردن بۆ ئیستقیلالی و گەیاندنی داواکانی و خۆشگوزەرانیی ،بۆ قاوە خواردنەوەیەکیش بێ نەوەستاوون، وئەوەندەش پەرۆشین لە خەویشا هەر ئەلێن کوردوستان گەلی ستەم دیدەمان . بەندە هەرچەندی ئەکرد تێ نەئەگەیشت ئەوزاتانە چۆن ئەتوانن لەهەمان کاتدا لە ئەوروپا و لە کوردوستانیش بن ؟ ئەم گووت ئەی چۆن پێیان نالێن ئەبێ ئیش کەن خۆ ئەوروپا سێبەری بن ئەشکەوت نیە سالێک دوان سیان لەسەر یارمەتی فەقیرو هەژاران دواتر ئەلێن فەرموون برادەران هەر لەگسک دانەوە تا کرێکاریمان هەیە هەلبژێرن بەدلی خۆتان(چوونکە هیچ شەهادەیەکی ئەو وولاتەیان نیە بۆ ئەوەی ئیشێکی باشتریان چنگ کەوێ) ؟ برادەرێک ووتی کاکە دیارە تۆ لە گوێی گادا نووستووی، ووتم چۆن! ووتی گیانەکەم هەندێکیان بەبەهانەی نەخۆشی نەفسیەوە، ماوەیەک هاتوو چۆی دکتۆری شێتەکانیان کردووە ،و فەترەیەکیش لە خەستەخانەی تایبەت بەو نەخۆشانە خەوتوون و دەرزی ئەعسابیان وەرگرتووە پاشی وی حکومەتی ئەو وولاتانە بەشێت ناو نووسی کردوون تەقاوەیتیشی لۆ بڕیونەتەوە، ووتم بلێی؟ ووتی ئەرەوللا لێشیان بۆ پارلەمان خۆی پالاوتووە، ووتم بۆ، پارلەمان شێت خانەیە؟ ووتی کورە شێت نین نا بەساختەو فرۆفێلَ خۆیان وا لێ دەکەن، ووتم ئەگەر وابێ من دەنگ بۆ ساختە چی نادمم ،ووتی ئەرێ تۆ هەر بە زگماکی ئەقلت خەفیف بووە یانەکی تازە؟ ووتم بە خودای جاران دەیان گووت باشی بەلام دەمێکە فەحسیان لێ نەیاوم بۆیە نازانم، بۆ ؟ ووتی کاکە کێ گوو بەکلاوی دەنگەکەی تۆ ئەپێوێ ووتم ئەی بۆچی ئەم کلاوەیان داوینەتێ ووتی بۆ ئەوی بیکەینە سەرمان ووتم کەنگێ ووتی پاشی هەموو دەنگ دانێ، ووتم دانی ئێواران لەسەر سەرانوێلکەکەی بەرمالێ ئەو کچەی دلم ها پێوە ؟ یانەکی جەژناو جەژن ؟ووتی مەترسە هەموو دانێ ،چوونکە لە هەلبژاردنی ئایندە کلاوی تازەمان ئەدەنێ، ووتم من حەزم لێیە گولَ گولی بێ ووتی لە ئێستەوە ئەبێ پێیان بلێی ئەگینا هەر هی سادە وەر ئەگری.**